# پەیڤ...



نووسینی:
ڤینۆس فایەق

## دروشمی "خۆت ببە"

هۆڵەندیەکان و ئەوروپیەکان بە گشتی دروشمێکیان هەیە ئەڵێ "be your self" واتا "خۆت ببە" ئەمە لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا رەنگی داوەتەوە و بەرجەستەبووە، بێگومان ئەوەش بنەمایەکی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی و ئەخلاقی هەیە، بۆنمونە ئەوان دووشت لە پەروەردەدا تێکەڵناکەن کە ئاکامەکەی دوو کەسایەتی جیاواز لەناو جەستەی یەک مرۆڤدا کۆبکاتەوە و دووچاری ئەوەی بکاتەوە بە چەند روویەکەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا بکات..

ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیاندا بەرجەستە ئەبێت، بۆ نمونە ئەوان چۆن لە ژیانی سیاسیاندا کڵێسا و حکومەتیان لەیەک جوێ کردۆتەوە، بە هەمان شێوەش لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییشدا هەمان شتیان کردووە، یان باشتروایە بڵێم ئەوان هەر شتە یان هەر مانایەکیان خستۆتە خانەی جیای خۆیەوە، بەواتایەکی تر ئایین لە خانەی ئاییندا لەناو چواردیوار کڵێساکاندا دانراوە و رۆژی تایبەتی خۆی هەیە، تێکەڵی ناکەن بە نان و ئاوی رۆژانەیان، هەروەک دەسەڵاتی سیاسی لە خانەی تایبەت بە خۆیدا دانراوە، تەواو بە پێچەوانەی ئێمەوە، هەمیشە پەروەدەی کۆمەڵایەتی لە کولتووری ئێمەدا چەندین بنەما لەخۆ ئەگرێ، ئایینی و فەرهەنگی و خوێندنگا و ماڵ و کۆمەڵگاش بەلایەک، بەواتایەکی تر ئەوەی لای ئێمە بە پێی رێسا و یاسا کۆمەڵایەتیکان رێگەی پێدراوە ئایین دژی ئەوەستێ، ئەوەشی لەناو خێزاندا رێگەی پێدراوە لە خوێندنگا داری بۆ هەڵدەگیرێت، یان ئەوەی کۆمەڵگا رێگەی پێدەدات سایسەت بەربەرەکانی دەکات، لەو نێوەندەشدا تاکی رۆژهەلات سەری لێ شێواوە و ئادەمیزادێکی فرەکەسایەتی لێ دروست کردووە، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی وشیاری زانستی تەواو لە بنەما سایکۆلۆژی و فیکریەکانی کۆمەڵگا کە درک بەو ئاڵۆزیە فەرهەنگیە بکات و خاوی کاتەوە و نەیهێڵێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە دەڤەری رۆژهەڵات هەرگیز تاکەکان ناتوانن خۆیان بن، دەنا دووچاری نەفرەتی ئایین ئەبنەوە، هەرنەبێت ئەگەر ئایین لەخۆشیان رازیبکەن دووچاری نەفرەتی کۆمەڵگا ئەبنەوە، یان زۆرجار ئەکەونە بەر نەفرەتی سیاسەت، کەچی لە رۆژئاوا هێند درکیان بەو کیشەیەکردووە و هێند بە شەفافی و هاسانی بۆ مەسەلەکان چوون تائەو رادەیەی هاوسەنگیەکی تەواویان لەنێوان هەموو بوارەکانی ژیانی خۆیان دروستکردووە و هیچ لە هیچ نەئالاوە، ئەوەتا هەموویان هاتوچۆی کڵێساکانیش ئەکەن بێ ئەوەی پرنسیپەکانی کڵێساکانیان بەرنە ناو هۆڵەکانی سیاسەتەوە و بێ ئەوەی هەمان ئەو پرنسیپانە تێکەڵ بە پرنسیپ و بنەماکانی پرەوەردەی منداڵەکانیان بکەن ..

ئەوان باوەڕی تەواویان هێناوە بە دروشمی "خۆت ببە" واتا یەک کەس ببە بە چەند بیروبۆچوونێکی جیاوازەوە، واتا یەک کەس چەند بیروبۆچوونێکی سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی ژیانی هەڵدەگرێ و وەک یەک کەسایەتی باسی لێوە دەکات، لەکاتێکدا لای ئێمە ئەتوانیت لەیەک کاتدا سیاسیش بیت و ئایینیش بیت، ئەتوانیت لەیەک کاتدا لەناو خێزانەکەتدا کەسایەتیەکت هەبێت و لە دەروە کەسایەتیەکی تر و لەناو مزگەوتەکاند کەسایەتیەک و هەمان شت لە مامەڵەکردنمان لەنێوان رەگەزەکاندا ...هتد ، تەنانەت لە ژیانی کاروپیشەییماندا ناتوانین یەک جۆر سیفەتمان هەبێت و لە کار و لەناو ماڵ و لە دەروەی ماڵ سوودی لێ ببینین..

ئەوە جۆرێکە لە دووڕوویی، بێگومان دووڕوویی بە مانا فەلسەفی و زانستیەکەی نەک بەمانا نەگەتیڤە سایکۆلۆژیەکەی، بەو مانایەی زۆر پرنسیپ هەن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سایکۆلۆژی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا هەن ریگە نادەن تاکەکان تەنها خۆیان بن، ئەبێت چەند کەسێک بن، یان چەند کەسایەتیەک بن، ئەوەش بەوە لێک دەدەمەوە بۆ ئەوەیە کەوا بەرهەڵستی قورسی ژیانی ئەو ناوچەیە بکەن و بەرگەی ئەو هەموو ئاڵۆزیەی ئەو ناوەندە بکەن، بەڵام خۆ ئەو ژیانەش تاکەکان دروستیان کردووە، و تاکەکانیش هەتا "خۆیان نەبن" ئەو واقیعەش ناگۆڕرێت.. ■■■

### عومەر فارس لەدیمانەیەکدا

# دەربارەی سایتی کوردستان نێت ئەدوێ



**دوای سەرهەڵدان، رەخساندنی هەل و مەرج بۆ نووسەرانی کورد رۆژانە لە برەودا بوو تا گەیشتە ئەوەی تۆڕی ئینتەرنێت بگاتە وڵاتی ئێمەش. ئەوانەی تامەزرۆی وشەی رەسەنی کورد بوون، بە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانی گەلەکەمان لە تاراوگە، هەوڵ دراو چەند ماڵپەڕێکی کوردی کرایەوە بۆ زیاتر دەربڕینی بیروڕای ئازاد و دەرفەت دان بە نووسەران بۆ دەست خستنە سەر رووی ڕاستییەکان و ساغ کردنەوەی مێژووی چەواشەکاری و شێواندراو و ئەو بیرو هۆشانەش کە چەندین ساڵ بوو لە زار و مێشکا دەست بەسەربوون. بەدروستبوونی ماڵپەڕەکان دەرگایەک بۆ نووسەران واڵاکراو توانیان لەم دنیای جیهانگیرییەدا لەو کاروانە دوا نەکەون و کەم زۆر رۆشنبیران و نووسەرانی ئێمەش لەو قۆزاخەیە بێنە دەرەوە و بای باڵی خۆیان بدەن. قەڵەمەکان هەر چۆنێ بووبن توانیان کەم تا زۆر رۆڵی خۆیان ببینن. دواتر بەوە گەیشت خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە.**

**بێگومان پێشەنگی ئەو ماڵپەڕە کوردییانەش "کوردستان نێت" بوو. ناکرێ لە داگیرسانی مۆمی ٧ ساڵەی تەمەنی کارکردنی لە ڕۆژی ١٩٩٩/٨/١٣. هەوڵ و ماندووبوونی بەڕێز "عومەرفارس" لە یاد بکرێ کە چەندین ساڵە بێ پچڕان و شەونخونی و کارکردن لە پشتی کۆمپیوتەر بەرامبەر کوردستان نێت لە سەرپارووە نانی خۆی و بێ هیچ هاوکاری کەس ولایەن. هەوڵ ئەدا بۆ بەرەوپێش بردنی رەوتی وشەی کوردی لە جیهانی ئەمڕۆدا، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازبدەین و ئەم پرسیارانەی ئاراستە بکەین.**

**ساسان دەروێش – هۆڵەندا**

**پ: دەکرێ پێمان بڵێ ی عومەرفارس کێ یە؟**

**و:** ناوم عومەر فارس عەزیزە. لە ساڵی١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووم، لە گەڕەکی چوخمەکە کە ئەو کاتە نزیک بە چاپخانەی کامەران بوو. باوکم بە حاجی فارس بەناوبانگ بوو. کرێکاری کارگەی جگەرە بوو، واتە لە خێزانێکی هەژار و مامناوەند بووین. من جگە لە خوێندن سەرقاڵی دارتاشی بووم. قوتابخانەی سەرەتای هەتا سێ ی ناوەندیم لە سلێمانی تەواوکردوە. بەهۆی سەرەتاکانی دەستپێکی شەڕی کورد و رژێم و بەهۆی کاری سیاسیم لە خوێندن دابڕام لەساڵی ١٩٧٤ چوومە دەرەوە لە کاتی شۆڕش دا، کە شۆڕش نسکۆی بە سەردا هات، گەڕاینەوەسلێمانی و من لەقوتابخانە دەرکرام بە هۆی تێپەڕبوونی تەمەنم بۆسەرووە١٨ ساڵ. ئەبوو بچوومایە بۆ خزمەتی سەربازی لە باشووری عێراق. لە شاری بەسرە کرام بە سەرباز. لەوێ دەستم کردەوە بە خوێندن لە پۆلی سێ ی ناوەندی کاتێک هاتمەوە سلێمانی بەتاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی "سێ" م تەواوکرد تا دواقۆناغی ناوەندیم هەر لە سلێمانی بڕی. لە ساڵی ١٩٨٤ خێزانم پێکەوەنا لە ١٨/١٠/١٩٨٥دا ڕۆژێک پاش مەنعە تەجەوولەکەی سلێمانی کە من لەو کاتەدا لە حکومەت قاچاغ بووم، بە سودفەیەکی زۆر سەیر دەرباز بووم و نەگیرام. لەگەڵ هاوسەرەکەمدا چووینە ناوچەی قەرەداغ و لە گوندی سێ وسینان جێگیربووین. سەیرم کرد قوتابخانەی گوندەکە لە بێ مامۆستایی داخراوە. منیش ئەوکاتە هەوڵم دا بەهۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان قوتابخانەکەمان لەگەڵ دوو هاوڕێ ی تردا کردەوە و وانەمان بە منداڵان دەوتەوە. ماوەیەکیش لەوێ ماینەوە تادروستبوونی کێشەی ئاڵای شۆڕش. هەندێ کەس لەوێ پاڵەپەستۆیان خستەسەرمان کە گوایە ئێمەش ئاڵای شۆڕشین بۆیە ناوچەکەمان جێ هێشت. چووینە ناوچەی دۆڵی جافایەتی، لە دێ ی مالومە لەساڵی ١٩٨٦ لەوێش هەمدیسان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەو کاتەدا بڕیارێکی دەر کرد، ئەو کەسەی لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ئەواندا بێ، ئەبێ یان ببێتە پێشمەرگە یان بەرگری یان تەسلیم بە رژێم ببێتەوە بۆیە ئێمە هیچمان هەڵنەبژارد. لە پاش گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ خەڵک بەگشتی دڵی سارد بوو، لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا ڕێگای ئێرانمان گرتەبەر بە نیازی چوونمان بۆ ئەوروپا. تاساڵی ١٩٨٧ لە ئێران ماینەوە بەژیانی بندەستی وگێرمە و کێشەی ڕژێمەکەی و بیانوو پێ گرتن هەر لەوێ کچێکم لەدایک بوو لە تاران لە ناو ئوتیل دا، تا ئەوێشمان بەجێ هێشت لەوێوە سەفەرمان کرد بۆ وڵاتی سوریا و لەوێشەوە بۆ قبرس و لەوێش ماوەیەک ماینەوە پاش گێرمە و کێشەیەکی زۆر و مانگێک مانەوە لە ناو کەشتیەکدا لەناو دەریای سپی ناوەڕاست داخۆم و خێزانەکەم و خێزانێکی تر بەناوی کاک "حمەڕەشید هەرەس" بوو لە نێوان قبرس ویۆنان وسوریا هیچ یەکێک لەو وڵاتانە نەیان ئەهێشت دابەزین کەمانگی حەوت بوو گەرمابوو بێ پارەبووین تا بە هۆی UNHCR لە یۆنان دابەزین و لەوێ داوای پەنابەریمان کرد. رەتیان کردینەوە و لەوێش منداڵێکی ترمان بوو کوڕبوو. لەساڵی ١٩٨٨ وە لە هۆڵەندا جێگیر بووم و هاتینە ئێرە منداڵێکی تر مان بوو. واتە ئێستا خاوەنی سێ منداڵم.

**پ: بیرۆکەی کوردستان نێت چۆن بوو و کەی دەست بەکاربوو؟**

**و:** کاتێک هاتینە هۆڵەندا خوێنمان گەرم بوو. حەزمان ئەکرد ئیش بکەین وخزمەت بە میللەتەکەمان بکەین. هەر کوردێکی تازە ئەگاتە ئەوروپا وابیر ئەکاتەوە. بەڵام دوای هەوڵ و تێکوشانێکی زۆر لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی کورد لە هۆڵەندا زانیم ئەو ئازادی ڕادەربڕینەی من باوەڕم پێیەتی زۆر کەس بۆی قووت ناچێ. بۆیە هەوڵم دا سەربەخۆ بم. لە ساڵی ١٩٩٢ وە بواری کۆمپیوتەرم هەڵبژارد و لە پاڵەوە دەمخوێند هەتاکوو چەند بڕوانامەیەکی جیاجیام وەرگرت لە زۆربەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەری ئەو سەردەمە.

لە ساڵی ١٩٩٤ توانیم لەماڵەوە ئینتەرنێتم هەبێت. لەو کاتەدا نەک سایتی کوردی بگرە بە دەگمەن سایتی عەرەبیش هەبوو. هەر لەو کاتەوە ئاواتەخواز بووم کە ڕۆژێک بێت بتوانم لە سەر ئینتەرنێت بە کوردی کارێک بکەم وسایتێکی ئازاد دروست بکەم. ئەوەبوو لە١٣/٨/١٩٨٨ بۆ یەکەم جار لەژێر ناوی ژیلەمۆ ئەو سایتەم کردەوە پاشان کردم بە کوردستان نێت. دەتوانم بڵێم کوردستان نێت یەکەم سایت و تاکە سایتەکە پێ دەنێتە حەوت ساڵەوە بە بەردەوامی وبێ بچڕان لە کارکردندایە. یەکەم بڵاوکراوەی سەربەخۆیی کوردییەکە زۆر ئازادانە هەر لە دروستبوونیەوە توانیویەتی ترس وسنوورەکان زۆر ئازادانە بشکێنێ ونووسینی هەمووکەس بە جیاوازی بیر و بۆچوونەوە بڵاوبکاتەوە. پاش ساڵی ١٩٩٥ کاتێک ویندۆزی ٩٥ دروست بوو بە ماوەییەکی کەمیش فێرژنی عەرەبیەکە دەرچوو کە بە ئاسانی دەتوانرا بە کوردی بەکار بهێنرێ. بەڵام کێشەکە لەوەدابوو هەندێ پیتی کوردی لە عەرەبیدا نەبوو خۆشبەختانە لەساڵی ١٩٩٦ دڵسۆزەکانی کورد زۆربەیان گەنج بوون هەوڵیکی زۆریان دا تاکو توانیان هەر لەو فۆنتە عەرەبیانە. ئەو پیتە کوردییانە دروست بکەن و چەند شێوەیەکی فۆنت دروست بکەن. من پێش ئەوەی فۆنتەکوردییەکان دروست ببێت هەرخۆم خەرێک کردبوو بە دروستکردنی سایتێکی سەرەتایی بەڵام کاتێک فۆنتەکانم دەسکەوت بە تەواوەتی بە فەرمی "کوردستان نێت" م خستە سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

**پ: بەهیوای چی "کوردستان نێت"ت دامەزراند و بەچی گەیشتوی؟**

**و:** بەوهیوایە بووم کە ئەمڕۆ پێی گەیشتم لەگەڵ نووسەران مۆمی حەوتەمی تەمەنی کوردستان نێت دائەگیرسێنین.

**پ: چۆن دەیسەلمێنی کە کوردستان نێت و خاوەنەکەی هیچ ئینتمایەکی حیزبیان نیە و سەربەخۆن؟**

**و:** من لە ژیانمدا نەبوومەتە ئەندامی هیچ پارتێکی کوردی. بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی میللەتەکەمدا ژیاوم. ئەمەش مانای ئەوەنیە کەمن ئەم پارتانەم قبووڵ نییە ئەمە مانای ئەوەیە کە من هەمیشە حەزم لەوە کردووە کە کاری سەربەخۆی خۆم بکەم بتوانم ئەوەی لە توانامدایە درێخی نەکەم. هەمیشە رقم لەوەیە پەیوەست بی بەپارتێکەوە. لە ساڵی ١٩٩٤ بوومە ئەندامی پارتی چەپە سەوزەکانی هۆڵەندا کە بەشدارن لە پەرلەمان و پشتگیری زۆر لە پەنابەران دەکەن و لە پێناوی سرووشتدا هەوڵی خۆی ئەدات لەساڵی ١٩٩٦ لەهەرێمێکی هۆڵەندا بۆ ماوەی ٣ ساڵ بوومە سەرکردایەتی ئەو پارتە و بەرپرسی دارایی. مەبەستم ئەوەبوو وەکو کوردێک هیچ نەبێ کەمێک لە کێشە رەواکەی میللەتەکەم بەرمەنا و سیاسەتمەدارانی هۆڵەندی. دواتر داوای لێ بوردنم کرد و زیاتر خۆم سەرقاڵی خزمەتکردنم بە میللەتەکەم کرد.

**پ: پێش دروستبوونی کوردستان نێت.کاری راگەیاندنت کردووە یاخود سەرقاڵی نووسین وخوێندنەوە بووی؟**

**و:** کاتێک کە لاو بووم لەتەمەنی ١٦بۆ١٧ ساڵ زۆر حەزم لە خوێندنەوە و نووسین ئەکرد. جارجارەش شیعرم ئەنووسی زیاتر من کاری شانۆگەریم ئەکرد لە سلێمانی وەک ئەکتەرێک و هەندێ شانۆگەریشم نووسی ئەو کاتە بە داخەوە بەهۆی بارودۆخی کوردستان وسووتانی دێهاتەکان و ئەرشیفەکەی من بە هەموودەستنووسە کانمەوە دووچاری لەناوچوون چوون. ماوەیەک پاش دامەزراندنی تەلەفزیۆنی "مەدتیڤی" وەک خۆبەخشێک کەوتمە هاریکاریکردنیان. سەرەتا لە بەرنامەی دیداری ئازیزان لەکاتی پەخشی زیندوودا لەگەڵ فەرهەنگ ئیسماعیل وەک خولە و بلە کورتە شانۆی بچوکمان پێشکەش دەکرد. بەڵام دواتر بوومە هاریکاری هاوڕێم سیروان رەحیم لە بەرنامەی کاروان و لەساڵی ٢٠٠دا گەڕامەوە کوردستان بۆ ئامادەکردنی دوو بەرنامەی تەلەفزیۆنی کە یەکێکیان لەسەر کەرکوک بوو ئەوی تریان لە سەرکۆچ. خۆشبەختانە هەردوو بەرنامەکەم لە کوردستان ئامادەکردوو سەرکەوتووبوو.

**پ: تا ئێستا هیچ کەسێک داوای لێ کردووی هاوکاریت بکات لە رووی تەکنیکی یەوە. ئەگەر هەبێ پێشوازیان لێ دەکەی؟**

**و:** کەس پێی نەوتووم چیت ئەوێت بۆت بکەین. تەنها بە قسە وتویانە هاوکاریت بکەین ئەویش کرداری لەگەڵ نەبووە. من کێشەم لەمەدا نییە. من کێشەم لەگەڵ ئەو هەموو ئیمێڵەدا هەیە کە ڕۆژانە بۆم دێن دەبێ هەموویان سەیر بکەم و پوختەیان بکەم کە کاتێکی زۆرم لێ ئەبات.

**پ: ئایا تا ئێستا هیچ کەس و لایەنێک یارمەتی مادی ومەعنەوی تۆیان داوە؟**

**و:** لە رووی مەعنەوییەوە تا ئێستا هیچ پارتێکی کوردی فشار و پاڵەپەستۆیان نەخستۆتە سەرم. بەڵکو ڕێزیان لێ گرتووم. من ئەمە بەمەعنەوی دەزانم کە ڕێگر نین. بۆ یارمەتیش زۆر کەس پێشنیاری کردووە بۆم بەڵام قبووڵم نەکردووە و تا ئێستاش هیچ یارمەتیەکم وەرنەگرتووە.

**پ: هەتا چ ڕادەیەک هەست دەکەی دژایەتی ئەکرێی یان دەست خۆشی؟**

**و:** بتەوێ و نەتەوێ هەندێک کەس دژایەتی ئەکەن وچاویان بەو کارە هەڵنایە لەگەڵ ڕێزمدا، خەڵکی ئێمە ئەقڵیان نایبڕێ مرۆڤێک دروست ببێ بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە، لە ڕۆژێکدا١٤ سەعات کاربکات بۆ مەبەستی گشتی. لەبەر ئەوە دژایەتی ئەکرێم. گوێی نادەمێ من خۆم خۆم ئەناسم پێویست ناکات من ترسم لەوانە هەبێ. ئەوانە زۆر هێرش ئەکەنە سەرم بەڵام من خۆڕاگرم. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیستیان عومەر فارس خاوەنی بستێک ئەرزە لە کوردستان یان سەرمایەکی زۆر ئەو کاتە ئەتوانن دژایەتی بکەن. نە لە ئەوروپا نە لە کوردستان خاوەنی هیچ **بۆ لاپەڕەی٧**

**بەکوردی بدوێ، بەکوردی بخوێنە، بەکوردی بنووسە، بەکوردی بیربکەرەوە!**

## بەڕێوەبەری دەزگای چاپەمەنی ئاراس :

# ئامانجمان کۆکردنەوەی رۆشنبیرانی کوردە



**لوقمان بەرزنجی - دۆسلدۆرف -** لە چوارچێوەی سەردانێکی نووسەر و رۆژنامەنووس "بەدران ئەحمەد حەبیب" بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "ئاراس" بۆ ئەڵمانیا، لە دیدارێکی خێرا بە هەلمان زانی کە هۆی ئەم سەردانەی لێ بپرسین کە ئایا بۆ ئەم سەردانە هیچ پڕۆژەیەکی بەدەستەوەیە؟ لە وەڵامدا گوتی : من لە رۆژی ٩ /٨ گەیشتمە ئەڵمانیا و مەبەستم لەم سەردانە؛ بەسەرکردنەوەی چەند کۆمپانیایەکە بەنیازی کڕینی چاپخانەیەکی مۆدێرن و دەمانەوێ چاپخانەیەکی گەورە بۆ دەزگای ئاراس لە شاری هەولێر دابمەزرێنین و بەهۆی ئەم چاپخانەیەشەوە بتوانین قەوارەی کارەکانمان فراوانتر بکەین و شێوەیەکی فرە بڵاوی چاپ هەتا ئەوروپاش بگرێتەوە.

**پ: دەکرێ تۆزێک باس لەو فرە بڵاویە و پڕۆژەیەمان بۆبکەی؟**

**و:** بەڵێ ئەو پڕۆژەیەی بەدەستمانەوەیە ئەوەیە کە رۆژنامەیەکی کوردی سیاسی رۆشنبیری نێودەوڵەتی دەربکەین، مەڵبەندی سەرەکی ئەم رۆژنامەیە لە هەولێر دەبێت و وەک رۆژنامەیەکی نەتەوەیی لە کوردستان و ئەوروپا بڵاودەکرێتەوە بە هەردوو شێوازی کرمانجی سەروو وکرمانجی خوارو بە ئەلفابێی لاتینی وعەرەبی. ئێتر ئامانجمان ئەوەیە کوردیش وەک نەتەوە کاربکات وێڕای ئەوەش نیازی کردنەوەی تەلفزیۆنێکی ئاسمانیمان هەیە بەناوی ئاراس تیڤی( ARAS.TV ).

سەردەمی ئەو هەموو میلیشیاتی رۆژنامە بێکەڵکانە کە میللەتیش نایانخوێنێتەوە و نافرۆشرێن بەسەر چووە، بۆ نمونە ئێستا باشترین رۆژنامە سێ تا چوار هەزاری لێ دەفرۆشرێت. هەفتەنامەکان لەوانەیە دە دوانزە هەزارێکی لێ بفرۆشرێن. ئەمە لە کاتێکدا تۆ بۆ شەش ملیۆن کورد لە کوردستان رۆژنامە دەردەکەیت، دەبێت بەلای کەم، بیست هەزار دانەیەک لەو رۆژنامانە بفرۆشرێن،

**پ: وەک دەزانین ئەم جۆرە پڕۆژەیە پێداویستی زۆری دەوێت ئایا ئەو ئیماکەنیەتە لەبەردەستدایە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم رۆژنامە کوردییە نێودەوڵەتییە؟**

**و:** بەڵێ. ئێمە دەزانین ئەمە ئەرکەکانمان زیاتر دەکات بەڵام ئێمە ئامانجمان کۆکردنەوەی خوێنەری کوردە لە رۆژنامەیەکی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئێمەش ئێستا سەرقاڵی دارشتنی ئەم پلانەین بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدەم لەم سەردانەمدا بۆ ئەوروپا، چاوم بە رۆشنبیران و کەسانی پسپۆر بکەوێت بۆ ئەوەی پڕۆژەکە زیاتر گەڵاڵە بکەین.

**پ: ئێستا بیرۆکەیەکی بەلاتینیکردنی شێوازی سۆرانی لە ئارادایە، ئێوە راتان چییە؟**

**و:** من لەگەڵ ئەوەدام کە سۆرانیش بە ئەلفابێی لاتینی بنووسرێ بەڵام ناشڵێم کە ئەلفابێ لاتینی لەوی تر باشترە چونکە ئەویش کۆمەڵێک کێشەی خۆی هەیە ودەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت گۆڕینی ئەلفابێ کارێکی قورسە تۆ میللەتێک دەکەیتە نەخوێندەوار، رەنگە پڕۆسەیەکی وا پێویستی بە سی چل ساڵێک هەبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەدام کە بگۆردرێ زیانەکەی هەرچییەک بێت ئەویش لە پێناوی رزگاربوونمانە تا لەو کولتووره دواکەوتووەی عەرەب جیا ببینەوە.

**پ: زۆری دەزگا چاپەمەنییەکان لە کوردستان چۆن دەبینن؟**

**و:** ئەم دەزگایانە وەک ئازادی بیروڕا کارێکی ئیجابیە بەڵام وەک ئاستێکی دروست بە ئیجابی نازانم.

**پ: دەکرێ تۆزێک باسی بەرهەمەکانی دەزگاکەمان بۆ بکەیت؟**

**و:** بەڵێ ئێمە لە دەزگای ئاراس تا ئێستا نزیکەی چوار سەد کتێبی هەمە جۆری لە شاکارە جیهانیەکانەوە تا دەگاتە نووسەرەکانی خۆمان بەچاپ گەیاندووە. لەمانە بەشێک لە شاکارەکانی ئێرنست هێمنگوای و شاکاری کوردی گرنگی وەک سەرجەمی بەرهەمەکانی مامۆستا شاکر فەتاح و حوسین حوزنی موکریانی و هێمن، زۆری تر کە ئێستا نایەنەوە بیرم.

**پ: پەیوەندیتان لەگەڵ دەزگا چاپەمەنیەکانی وڵاتانی تر لە چ ئاستێکدایە؟**

**و:** ئێمە وەک دەزگای ئاراس تاکە دەزگای کوردی بووین لە مانگی ئەپریلی ئەمساڵ بەشداری ١٨ مین پێشانگای کتێبی نێو دەوڵەتی "تاران" مان کرد لەم پێشانگایە تاکە دەزگابووین فرۆشیاریمان گەیشتە ٢٢ هەزارکتێب و جگە لەوەش ئەمە بەڕای من و رۆشنبیرانی تر، بۆ ئێمەی کورد رووداێکی ڕۆشنبیری گرنگ بوو، هەروەها بووە مایەی خۆشحاڵی کورد و فارس و هەتا عەرەبەکانیش کە بۆ یەکەمین جارە دەزگایەکی کوردی بەشداری لە پێشانگایەکی لەو شێوە نێودەوڵەتیەدا دەکات. باسی حاڵەتێکت بۆبکەم: لە رۆژی کۆتایی پێشانگەکە هەر دەزگای بڵاوکردنەوە بوو بە سەیارەی گەورە کتێبەکانی دەگوازتەوە ئێمە تاکە دەزگابووین کە بە دەستی بەتاڵ هاتینە دەرەوە چونکە هەموو کتێبەکانمان فرۆشرابوون هەرچەندە ئێمە لە رووی مادییەوە زەرەرمەندبووین بەڵام لە رووی مەعنەوی زۆر دڵخۆش بووین، چونکە توانیمان هاوکارییەکی چاکی خوێنەری کورد بکەین لە داشکانی نرخی کتێب و بەشێکی زۆریشمان هەر وەک دیاری بەخشیوە بە رۆشنبیرانی کورد، چونکە دەمانزانی باری ئابورییان باش نییە.

**پ: ئایا دەزگای ئاراس دەزگایەکی واڵایە بۆ هەموو رۆشنبیران؟**

**و:** دەزگای ئاراس دەزگایەکی کراوە و واڵایە. بە هەر چوار شێوازە کوردییەکە کتێب بڵاو دەکاتەوە. حەز دەکەم بزانیت ئێمە بە زمانەکانی فارس و ئینگلیزی و عەرەبیش کتێبمان بڵاوکردۆتەوە وە بۆ رۆشنبیرانی کوردیش تەنیا کتێبەکە بەلای ئێمەوە گرنگە، ئیتر نووسەرەکە کێیە و ئیتجاهی فیکری چیە ئەمە بەلای ئێمەوە گرنگ نییە، ئێمەش هیچ هێڵێکی سورمان نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە دژی خواستەکانی گەلەکەمان نەبێت، بۆ نموونە جاری واهەبووە کتێبێکمان بۆ نووسەرێک چاپکردوە لە دوای سێ ساڵ نووسەرەکەمان ناسیوە.

**پ: دوا وتەت بۆ خوێنەرانی پەیامی کورد؟**

**و:** لێرەدا بەهەلی دەزانم کە داوا لەو برا ڕۆشنبیرانەی دەرەوە بکەم زیاتر هاوکاریمان بکەن بە وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبی و زانستی و فیکرییەکان.

ئەمرۆ کوردستان زیاتر پێویستی بە برشتی قەڵەمەکانی ئەوان هەیە و بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک، دەزگای ئاراس باوەشی بۆ کردوونەتەوە. ■■■

**ڤیزای ئێران لە ماوەی یەک هەفتەدا**

***NEW PLAN*** **ئاژانسی تۆریستی**

ئێمە ئامادەی خزمەت کردنی هاوڵاتییانی کوردی عێراقین

**کوردستان لە رێگای تارانەوە**

**ڤیزای ئێران بۆ خێزانی پتر لە سێ کەس ١٢٠ € /کەس**

**بلیت بۆ سەرتاسەری جیهان**

**حەجی "عمرە"**

*Thomas-Mann Str, 24*
*53111 Bonn*
*Germany*
*Tel.: 0049 (228) 180 24 34*
*Fax: 0049 (228) 180 24 38*
*E.Mail: info@newplan-travel.de*
*www.newplan-travel.de*

**گەشتی توریستی بۆ سەرتاسەری جیهان**

**تاران لە٣٢٠ €وە**

## درێژەی... عومەر فارس لەدیمانەیەکدا ....

نیم تەنها ئەو پارەیە نەبێ کە مانگانە وەری ئەگرم پێی ئەژیم و تەواو. هاوڕێکانم کاتی خۆی بە یەکەوە هاتوینتە ئێرە ئەوە بۆ ماوەی ١٧یان ١٨ ساڵ دەبێ ئەوان خەریکی ژیانی خۆیان بوون سەرمایەیەکی چاکیان پێکەوەنا و ئێستا خاوەنی هەندێک شتن لە کوردستان. من کات و ژیانی خۆم تەرخان کردووە بۆ ئەوەی خۆم باوەڕم پێیەتی لەبەر ئەوە نەبوومەتەوخاوەنی هیچ. باوەڕیش ناکەم ببمەخاوەنی هیچ و نامەوێ. ئەو خەڵکانەی دژایەتی ئەکەن زۆر نین من ئەتوانم پیان بڵێم نەخۆشن وهیچ لەدەست نەهاتوون ئەگینا کابرایەک لە ماڵی خۆی خزمەت دەکات بەبێ بەرامبەر و خۆبەخش گوناحیان دەگات تانە و تەشەر بدەن. بۆ دەستخۆشی رۆژانە سەدان ئیمایڵم بەدەست دەگات وسوپاسیان ئەکەم هەرئەمەشە بۆ من کە بەردەوام بم.

**پ: ئایا چەند لە نووسەران رازیت و بابەتەکان شایستەی هەلومەرجی ئەمڕۆن؟**

**و:** رازیبوونی من شەرت نییە من لەو نووسەرانە رازیم کە خزمەت بە کێشەی نەتەوایەتیمان بکات. بەڵام ئەوەی بیەوێ بیەوێ بۆچوونی خۆی بڵێ من دژی نییم چونکە کوردستان نێت هی هەموانە و لەوپەڕی چەپ هەتاکو ئەوپەڕی راست تێدا ئەنووسن بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەکەمان.

**پ: بێ سانسۆری ماڵپەڕە کوردییەکان نابنە شێواندنی زمان وکولتوور و مێژووی راستەقینەی خەباتی رزگاریخوازی کورد؟**

**و:** بێگومان من لەگەڵتام بەتایبەتی مێژوو چونکە خۆمان لەم سەردەمەدا ئەژین دەبینین هەندیک کەس بە ئاوەژویی باسی لێوە دەکەن بۆیە زۆر بە سەرنج سەیری نووسراوەکان ئەکەم بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نیم کەسێک بیەوێ بابەتێک بوورووژێنێت بەڵام نازانێ وەکو نووسەرێک بنووسێ ئیترنابێ هیچ بڵێ.

**پ: ئەوەندەی من بزانم نووسەرانی کورد لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا. ئەوەندەی دژایەتی یەکتری ئەکەن. ئەوەندە دژایەتی سۆڤێنیەتی عەرەب بکەن براوەتر نین؟**

**و:** بێگومان لەگەڵ ئەوڕای تۆدام. نووسەران دژایەتی یەکتر ئەکەن. ئەوەی من لێی تێگەیشتووم. لە ئەزموونی ئەم چەندساڵەم دا لەگەڵیاند. بۆ خۆدەرخستنە کە ئەوەندە وەڵامی یەکتر ئەدەنەوە. هەمووشیان وانین. چونکە وەڵامەکانیان لەسەر ناوەڕۆک نییە بەڵکو تەنها لە سەر کەسایەتییانە.

**پ: دواپەیامتان بۆ پەیامی کوردچیە؟**

**و:** هیوادارم بەڕاستی هەڵگری ناوەکەیان بن و لە خزمەتی کێشە رەواکەی میللەتەکەماندابن. زۆر سوپاس بۆ هەمووتان و بەسەرکردنەوەتان لە یادی شەشەمین ساڵیادی کوردستان نێت. ■■■

## درامانووسانی جیهان

مەهدی مجید جاف



### ٤٦ـ یوجین یونسکۆ Eugene Ionsco

درامانووسی بەناوبانگی رۆمانی ـ فەرەنسی یوجین یونسکۆ لە مانگی نۆڤەمبەری١٩١٢دا، لە باشووری رۆمانیا لەدایک بووە. دایکی لە بنچینەدا فەرەنسی دەبێت. یونسکۆ، لە تەمەنی یەک ساڵیدا دەبێت کە بە ماڵەوە بۆ فەرەنسا سەفەردەکەن. کاتێک کە یونسکۆ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا دەبێت خۆی و دایکی و خوشکێکی بۆ گوندی"شاپل ئانتەر" کۆچ دەکەن. لە تەمەنی منداڵیدا هەمیشە ئاواتی ئەوە دەبێت لە پاشەڕۆژدا ببێتە قەشە، تا تەمەنی سێزدە ساڵی لە فەرەنسا دەمێنێتەوە، پاشان بۆ رۆمانیا دەگەڕێنەوە و، دەست بە فێربوونی زمانی رۆمانی دەکات. پاش ماوەیەک دایک و باوکی لە یەکتر جیادەبنەوە و، خێزانەکەی تووشی گرفتاری دەبێت. یونسکۆ، لە زانکۆی شاری بۆخارست دەست بە خوێندنی ئەدەبیاتی فەرەنسی دەکات و، بە سەرکەوتوویی بڕوانامەش لە زمانی فەرەنسیدا وەردەگرێت. "گلەیی شاعیرانە"، کۆمەڵە شیعرێک و، یەکەمین بەرهەمی دەبێت کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەیاننووسێت. لە ساڵی١٩٣٦دا، کیژە قوتابییەکی بە فەلسەفە دەخوازێت و، لە ساڵی١٩٣٨دا، بۆ تەواوکردنی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا بۆ شاری پاریس سەفەر دەکات. پاشان، نۆبەرەی ئەدەبی خۆی لە گۆڤاری"زوریاک"دا بڵاودەکاتەوە، کە شەڕی شوومی جیهانی دووەم دەستپێ دەکات، یونسکۆ لە "مارسی"دەبێت، پاشان بۆ شاری پاریس دەگەڕێتەوە و، لە یەکێک لە دەزگا بڵاوکراوەکاندا کار بەدەست دەهێنێت و، تێدەگات کە زمان زانین چەند بە کەڵکە دەست بە فێربوونی زمانی ئنگلیزی دەکات. لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا، شانۆنامەی"گۆرانی بێژی تاوس"دەنووسێت و، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی١٩٥١دا، لەسەر تەختی شانۆ نیشان دەدرێت. لە ساڵی١٩٥١دا، شانۆنامەی"وانە"دەنووسێت و، لەسەر شانۆ نمایش دەکرێت. سێهەمین شانۆنامەی خۆی بە ناوی"کورسییەکان"لە ساڵی١٩٥١دا، دەنووسێت. شانۆنامەی"قوربانیەکانی ئەرک"یەکێکە لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی یونسکۆ کە قسە و باسێکی زۆری لێ کراوە. شانۆنامەی"کرێچی نوێ"یەکێکە لە شانۆنامە یەک پەردەییەکانی، دوابەداوی ئەوانە شانۆنامەی" وڕێنەی دوو کەس"و شانۆنامەی"پیاوکوژی خۆڕایی"دەنووسێت. بەناوبانگترین شانۆنامەی یونسکۆ شانۆنامەی"کەرکەدەن"کە لە ساڵی١٩٥٩دا، بڵاوی دەکاتەوە و، هەر بە زوویی لەسەر تەختەی شانۆ بەناوبانگەکانی ئەوروپا نمایش دەکرێت. هەندێ لە توێژەرەوەکان باوەڕیان وایە کە شانۆنامەی"کەرکەدەن"، رەنگدانەوەی هەستی یونسکۆی مەزن بێت، پاش ئەوەی کە رۆمانیا بەجێ دەهێڵێت؛ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی و ئاشنایانی لەو دەمەدا دەچنە ریزی بەرەی بزووتنەوەی فاشستی"قەرەوڵی ئاسنین"ەوە، شانۆنامەی بە پێزی کەرکەدەن، دەبێتە سەرەتایەکی سەرکەوتوو بۆ یونسکۆ و، وەک درامانووسێکی جیهانی ناوبانگ دەردەکات. لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی تری یونسکۆ:

١ ـ شانۆنامەی"برسییەتی و تینوویەتی".
٢ ـ شانۆنامەی"پاشا دەمرێت".
٣ ـ شانۆنامەی"تابلۆ".
٤ ـ شانۆنامەی"داهاتوو لە هێلکەی مریشکدا".
٥ ـ شانۆنامەی"گەمەی کوشتار بە کۆمەڵ".
٦ ـ شانۆنامەی"کەمی".
٧ ـ شانۆنامەی"ئەوریفلام".

یوجین یونسکۆ لە ساڵی١٩٩٤دا، کۆچی دوایی دەکات. ■■■